# ئاوات و خەم

ئەحمەد دەشتی

لە سەر پەنجەرەی
ئاسمانی شین و
لوتکە دوورەکان
من هەزاران سۆی
تەزی لەژانم
لە برینی کۆن و تازەم پێکاوە
ئەسرینی خوێنم
لە دووری یارم
هەزار هەزار جار
لە چاوەروانی و
دیدەم تکاوە
لە بۆ هەتاوی بەیانی ڕوونم
ســـــەدان کوانم
لە جەستە ڕوواوە
هەرچی ئازارو ڕەنج و جەفایە
زۆر لە مێژســاڵە
کۆڵی پشتێمە و
زەخمی هەناوە
من دلی خۆمم لە نەهامەتی و
ئازار و حەسرەت
داوەتە دەستی کوان و برینی
ئاوات و غوربەت
هەزاران جاریش
لەم ڕۆژگارانەم
لە بن زنار و دۆڵ و چیام دا

لە ڕێی ئازادی گەل و وەلاتدا
گرۆم لە مەرگی تال بردۆتەوە
من حەزم دەکرد
تەمی کێوان و کۆسارانم بام
وەیا چی دەبوو
لەوەڕگای دەشت و
کوێستانانم بام
لە هەموو وەرزی بەهارانم دا
لە ژێر پێی شوان و
شۆڕەسوارانی
دەشتی هەولێرو
دۆندی چیام بانم
دلم ئاوازی پڕ خۆشەویستی
شەنگەبێریان و
کەوشچیان بام
یا لەکوێستان و
گوندی هەوارم
هەرچی کەسەرو نەهامەتیە
ئەمن نەم دیباو
ڕەهاو ئازاد بام
لە هەوارانی قەندیل و کۆدۆ
لە قەد پالان و
لوتکەی سەربەخۆ و
شنەی فێنکی دەو ڕوباران بام
لە هەموو ساتێ

ئاوازی شادی دەوەرە گولێ
لەدەنگی حاجی و
حەسەن حەیرانم
بهاتبایە گوێ و
لە دۆل و یال و لوتکەی بلندی
سەکری سەکران بام
چی دەبوو کەمن
لە کۆڕی کەوشی
یارو هەڤالان
لە بنارو دۆندودۆل و قەدپالان
هەردەم مێوانی
زورگو تەلانی ئاقارانم بام ؟
چی دەبوو کە من
زناریێ باما لە کۆلانەکەی
ڕێگەی کوێستانی
گردمەندیلەکەم
لە هەموو وەرزی بەهارانم دا
سرودی شادی
دەست لە ملانان و
خەندەی لێوانی دلدارانم بام
یا خود چی دەبوو
من دەراوێ بام
لە چۆمی ڕوونی
ئاوەکەی ســـــــەکران
یا کانیاوێ بام

لە زۆزانانی فێنك و خۆشی
کۆدۆ و قەندیلی
مامە کۆیانم
چی دەبوو کە من
دوور بام لە زام و
گشت برینانی خاکی وەلاتم
هەردەم لە کۆڕی یاروخزمانی
خۆیسترم لە دوو چاوان بام
چی دەبوو کەمن غەریب نەباماو
لە گەل هەڤال و یارانی خۆم دا
ئازادو ڕەها لە کوردســتان بام
بەلام داخەکەم دارەکەی خۆزیا
هەردەم بێ بەرە
کەسێ بە خۆزیا ناگا بەوسەرە
تەنیا هیــوایە کە وا ژانی دل
بــۆ سبەی ڕۆژێ کەمێ کەم دەکا
بۆیە گەشبینم کە دێ ڕۆژگارێ
خۆری ڕوونی من هەر وەدەردەخا
هەرچەند ئێستاکە نامۆو بێکەسبم
بەلام ڕۆژێ دی ڕەهایی منیش
زۆربەسەر بەرزی خۆی وەسەر دەخا
ئەوسا دەچمەوە شارەکەی دێرین
شاری ئاوات و هەتوانی برین
کڕنوشم دەبەم بۆ یارانی خۆم
بۆ خاك و گەل و دەشت و چیای خۆم

بە یادی ژیانی تالی و ئاوارەیی و دەربەدەری سالەهای سالی پڕ لە ئاخ و حەسرەتەوە پێشکەشە بە هەموو ئازادی خــوازێك و هەموو ئەوانەی کەوان لە ناو هەســـت و خەیال و دلم داو قەت لە بیر ناچنەوە1989